حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوە زانستی

زانکۆ ی چەرموو

سەنتەر توێژینەوەی زانکۆی چەرموو

بۆ تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید

# گوندەی سەرمۆرد سەرەتایەك بۆ دەست پێکی پرۆسەی ئەنفال

توێژەران : هەژار هوشیار مهدی

زرار علی حسن

٢٠٢١

## پووختە

مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە سەدەی رابردوو کورد وکو نەتەوەی دووەم لە دوورست بوونی ئەم دەوڵەتەدا قوربانی زۆری داوە هەرجارەوە بە شێوە و شیوازێکی و ناویك لە لایەن دەسەڵات دارنەوە ئە نجامدراوە بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یا بەشێك لە نەتەوی کورد و پیگەی خاکی کوردستانیش لە نیوان چوار دوڵەتاندا هەریەکە لە وڵاتانی تورکیا و ئیران و عێراق و سووریا زیاتر هۆکاری لەناوبردنی ئەم نەتەوەیە بوون .

من دەم وێت باس لە باشووری کوردستان بکەم کە دەکاتە باکووری عێراق و یەکێکە لەو تاوانە گەورەی ئە نجامدرا ، پرۆسەی تاوانی ئەنفال بوو لە سەر دەستی رژێمی بەعسی و دەسەلات دارانی عێراق بوو لە سەدەی رابردوو لە سالانی ( ١٩٨٧-١٩٨٨ ) بوو بەرامبەر بە نەتەوەی کورد ئە نجام درا .

لێرەدا بۆ بریاردان لەسەر ئەو تاوانە پیوستیمان بە چەندین رێکار و توێژینەوە ی زانستی ودۆکۆمێنت هەیە بۆ سەلماندین مەبەستی تاوانکاری کە دەرخستنی کاریگەری تاوانەکە لە سەر قوربانیان .

گوندی سەرمۆرد یەکەم گوندی قوناغی یەکە ئەنفال بوو ویەکێکە بوو لەو )٤٧٣٢( گوندەی کوردستان کە لە پرۆسەی ئەنفالدا تەختە کرا دانیشتوانی گوندە کە کۆکرانەوە پاشان بەرەو زیندان بران، ئەمانیش بە شێك بوون لەو ( ١٨٢٠٠٠ ) قوربانی یەکە لە پرۆسەی ئەنفالدا بوون بە قوربانی .

ووشەی کلیلەکان :ئەنفال ، جینۆساید ، سەرمۆرد

## پێشەکی

لەو روانگەیەوە کە تاوانە نێودەڵەتیە کان کاریگەری راستەخۆی هەیە لەسەر هەر نەتەوەیەک بەرامبەری ئەنجال دەدرێت ،هەروەها کاریگەری لەسەر ئاشتی و ئاسایش ناوچەکە و جیهان دەبێت ،کوردستانیش وەک یەکیک لەو ناوچەنانەی کە لە مێژەوە ژیانی تیدا بوو و شۆینی نیشتەجیبوونی مرۆڤایەتی بوو و پێگەی جوگرافی گرنگەی هەبوو لە ناوچەکدا ،بەوهۆیشەوە نەتەوەی کورد بە دەرێژایی مێژوو توشی چەندین شەربوو لە ناوچوون بۆتەوە و یەکیک لە دیارترین تاوانەکان دەژە نەتەوە کورد کراوە تاوانەی ئەنفال بوو کە راستەخۆ بە فەرمانی (سەدام حەسێن ) وبە سەرپەرشتاری (عەلی حەسن مەجید) ناسراو بە (عەلی کیمیاوی )دەکات ئامۆزا ی خودی (سەدام حەسێن ) و ناونانی پرۆسەکەیش لە لایەن لیوا رکن (کامل ساجد جەنابی ) بوو .

یەم پرۆسە سەربازی ئامادەکاری و پلان پێشوەختی بۆ کرا بوو لە هەموو روویکەوە بەمەبەستی لە ناوبردنی دووەم نەتەوە ی عێراق ئەویشی کورد بوو کا لە ماوەیکەی دیاری کراوەدا دەستی پێکردوو لە کۆتایی ( مانگی شباطی ساڵی ١٩٨٨ بۆ سەرتای مانگی ئایلولی ١٩٨٨ ) بە هەشت قۆناغ هەموو ناوچەکانی کوردستانی باشووری گرتەوە دەرئەنجامی پرۆسەکەش (١٨٢ هەزار هاوڵاتی بوونە قوربانی و ٤٧٣٢ گوند وێرانوو تەختکران و ٣٠ناحیە و ٤ قەزا ٣١٠٠ مەزگەوت و ١٠٠ کلیسە ) و زیانەکی ئابووری و ژینگەی گەورەی بە کوردستان گەیاند تا ئەمرۆیش کاریگەری ماوە و لە ناو بردنی فەرهنگ و کالتوروکوردی کە کاریگەری لەسەر کەسوکاریان ماوە لە دوای (٣٣)ساڵە .

لەدوای روخاندنی حکومەتی بەعسی و دوورستکرنەی دادگا باڵا ی تاوانەکانی عێراق دادگای کردنی تاوانباران بەعسی دادگا بریاری لە (٢٠٠٧/٦/٢٤) دا کە تاوانەی ئەنفال وکو تاوانەکی جینۆساید بەرامبەربە کورد ئەنجام دراوە ،بەلام ئەوی ماوە ناساندی تاوانەی ئەنفال وکو جینۆساید لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە و قەرەبوو کردنەوە کەس و کاری قوربانیان کە تا ئەمرۆ وکو پیویست نیە .

**گرنگی توێژینەوەکە :**

**لە رێگەی ئەم توێژینەوە وەلامی بەشیکی ئەو پرسیارانە دەدەرێتەوە لە سەر چۆنیتی رووخاندن و ێران کردن و ڕاگواستنی دانیشتوانی گوند ی سەرمۆرد و گوندکانی کوردستان .**

**گوندی سەرمۆرد یەکەم جار کاری لە سەر دەکرێت لە دوای ( ٣٣ ) ساڵ تێپەر بوون بە سەر تاوانەی ئەنفالدا تا ئیستا هیچ دامەزراویەکی حکومەت و ناحکومەی توێژینەوەی لە سەر نەکراوە ئەمە یەکەم جار کاری لە سەر دەکرێت.**

## ئاما نجەکانی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوە یە هەوڵ دەدات ئەو تاوانەی کە لە پرۆسەی ئەنفالدا ئە نجامدراوە بەرامبەر بە دانیشتوانی گوندکە و بەراوردکردنی تاوانی ئەنفال لە گەڵ بنەما یاساییە نیودەوڵەتیە کاندا وکو تاوانی جینۆساید بەراورد بکات.

## گریمانەی توێژینەوە کە :

توێژینەوەکە لە سەر ئەم گریمانەیە دارێژراوە کە ڕێکار و کردارانی لەم تاواندا ئە نجامدروا روویداوە هەمان رێکار و کرداری کە لە یاسایی قەدەغکردنی تاوانی جینۆساید دیارکراوە .

## رێبازی توێژینەوە کە :

لەم توێژینەوەیدا سەرەڕای سەردانی مەیدانەی توێژەرەکان بۆ شۆێنی ئە نجامدانی تاوان و چاوپیکەوتنی ڕاستەخۆ لەگەڵ تاوانلێکراوان و کەس و کاری قوربانیان ،سوود لە چەند ڕێبازێکی توێژینەوەبینراوە. وەك شیکاری یاسایی و رێبازی وەسفی و رێبازی مێژووی کە بە پێوست توێژینەوەکە لە کات و شوێنی پێوستدا بەکار دەهینریت .

## هەیکەلی توێژینەوەکە :

بۆ باشتر تێگەیشتن لە توێژینەوە کە ،توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر دووبەشی سەرەکیدا ،بە جۆرێك هەر بەشەو دابەش دەکرێت بە سەر دوو باسدا .

لە بەشی یەکەمدا بە گشتی لەدووباس پێکە دەێت ناساندنی توێژینەوە تاوانی نێودەوڵەتیەکان و تاوانەی جینۆساید و پایەکانی و رێکارەکانی ئەم تاوانە و هەروەها تاوانی ئەنفال کە بەرامبەری گەلی کورد ئە نجامدراەو باسی دووم لە سەر ئەنفال و قۆناغە کانی .

بەشی دووەم لە دوو باس پێکە دەێت کە قۆناغی یەکە و ئەنفال بەشێوەیکی گشتی و گوندی سەرمۆرد بە تابیەتی لەسەرەتای دەست پێکە و چۆنێتی پرۆسکەوە تا ڕاپەرین ی بەهاری ساڵی )١٩٩١( کۆتایی دەرئە نجامی توێژینەوەکە .

لە پاش لێکدانەوەی تەواوی بابەتەکانی پەیوەست بەم توێژینەوەیە لێکدانەوەی هەموو لایەنەکان و لێکەوتەکانی لەسەرکورد و چۆنیەتی گێرانەوەی مافە یاساکان بۆ نەتەوەی کورد ،بەخستنەڕووی دەرئە نجامەکانی توێژینەوە کە

.

## بەشی یەکەم / جینۆساید و ئەنفال وەک تاوانێکی نێودەڵەتی.

## تەوەری یەکەم / چەمکەی و مێژووی جینۆساید :

### -یەکەم /چەمکەی جینۆساید: Genocide

لە فەرهەنگی دووانییەی( Adictionary of Diplomatic terminology and International relations ) دا، لە راڤە عەرەبییەکەیدا بە لەناوبردنی بەکۆمەڵ هاتووە، بەڵام لە راڤە ئنگلیزییەکەیدا زیاتر درێژەی پێدەدات بەوەی بریتییە لە "لەناوبردنی کۆمەڵە مرۆییەکان بەهۆکاری بنەچەیان یان ئایینیان یان نەتەوەیان یان نەژادیانەوە ، هەروەك لە ئینسکلۆپیدیای (بلاكويل للعلوم السياسيه)دا زیاتر روونی دەکاتەوە بەوەی "بریتییە لە هەوڵێکی رێکخراو بۆ لەناوبردنی گەلێك بەگشتی یان هۆزێك یان نەتەوەیەك، کە پاڵنەر بۆ ئەوە رقلێبوونەوەی ئیتنی یان ئایدۆلۆژییە، ئەگەر کۆمەڵەیەکی نیشتمانی وادابنێت کە کۆمەڵەیەکی تر دوژمنە و ناکرێت ئاشتەوایی لەگەڵ بکرێت و مەترسی لەسەر دروست دەکات، ئەوا لەوانەیە پێی وابێت لەناوبردنی ئەو کۆمەڵە شتێکی لۆژیکییە"( ٢ ).

دیسان لە هەندێك لە ئەنسکلۆپیدیاکاندا، زیاتر جەخت لە دیاریکراوی دەکاتەوە، لە رەگەزی دیاریکراو و کاتی دیاری کراو بۆ کردەی لەناوبردنەکە ، یان پێناسە دەکرێت بەوەی لەناوبردنێکی بەکۆمەڵی بەمەبەستە یان کوشتارێکی رێکخراوە بۆ کۆمەڵێکی هاوشێوە لە بنەماکانی نەتەوەیی و نەژادی ، هەروەك پێناسەکراوە بەوەی "تاوانی تاوانەکانە"، بەوەی لە زۆربەی تاوانە نێودەوڵەتییەکان مەترسیدارتر و گەورەترە .

ئەمانە و لەڕووی پێکهاتەی زاراوەکەشەوە لە وشەیەکی لێکدراو پێکهاتووە، لە دوو وشە:

3- وشەیەکی گریکی Genos واتا: رەگەز، بنەچە.

4- وشەیەکی لاتینی Caeder واتا: کوشتن، فەوتاندن.

بە لێکدانی هەردوو وشەکە (فەوتاندنی بنەچە ( Genocide پێکدێت.

یان سەبارەت بە بەشی دووەمی وشەکە، دەوترێت لە وشەی لاتینی Cidium کە بە هەمان واتا دێت، واتا کوشتن و فەوتاندن هاتووە .

دیارە لای توێژەرانی ئەم بوارە کۆمەڵێك دەستەواژەی تر دێنە بەر باس، هەندێکیان پۆلێن کردنی تاوانە جیاجیاکانە، یان هەندێکی تریشیان بە شیاوتر لە جینۆساید دەبینرێت، بۆ نمونە دەستەواژەی (پۆلیتیساید ( Politicide بۆ وەسفکردنی ئەو کۆمەڵکوژییانەی بە پاڵنەری سیاسی ئەنجامدراوون، یان دەستەواژەی ( Ethnocide ) بەکاردەبەن، بۆ وەسفکردنی کۆکوژی بە هۆکاری کلتووری، بۆ نموونە وێرانکردنی بەمەستی کلتووری گروپێکی ئیتنیکی، نەتەوەیی، ئایینی، یان هەر گروپێکی تر، دیارە ئەم زاراوانە لە ژێر رۆشنایی فرەیی تاوانەکان و چەندین جۆری پۆلێنکردن و چەندین پێناسە بۆ ئاماژەپێدانیان پێشنیار کراوون.. هەندێکیش داوای ئەوەیان کرد چەمکی (دیمۆساید ( Democide بەکاربرێت، کە گشتگیرترە (لە گریکدا دیمۆس بە واتای دانیشتووان یاخود خەڵك هاتووە)، بۆ گرتنەخۆی هەموو ئەو تاوانانەی لەلایەن حکومەتەکانەوە ئەنجامدراوون، بێ رەچاوکردنی ئەوەی سەر بە چ گروپێکی تایبەتن، دیمۆساید چەمکێکە هەموو چەمکەکانی جینۆساید، پۆلیتیساید، کۆمەڵکوژی و کاری تیرۆریستی دەوڵەتی دەگرێتەوە.(٣)

## دووەم / مێژووی جینۆساید :

بەپێی هەموو ئەو سەرچاوە مێژووییانەی باسیان لە مێژووی دەرکەوتنی چەمکی جینۆساید، لەنێو کایەی سیاسی و یاسا و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا کردوە، ئەم چەمکە چ وەك چەمك و چ وەکو زاراوەش تا ساڵی ١٩٤٤ بەهیچ شێوەیەك بوونی نەبووە، بەڵکو لەو ساڵەدا لەلایەن "ڕافایل لیمکین" Rephael Lemkin (*)ەوە داهێنرا، بۆ گوزارشت کردن لە لەناوبردنی بەئەنقەست بۆ ڕەگەزێك بەگشتی یان بەشی، ئەوەش بە پاڵنەری دەمارگیری ڕەگەزپەرستی یان ئایینی یان ئیستیعماری ، کە خودی ڕافایل پێناسەی جینۆسایدی کردوە بەوەی: ((پلانێکی پەیوەندیدار و ڕێکخراوە بە ئامانجی هەستان بە کردەوەگەلی جیاواز، کە مەبەست لێی وێرانکردنی بونیاد یان بناغە جەوهەرییەکانی ژیانی کۆمەڵێکی نەتەوەییە....، دەکرێت لە ناو ئامانجەکانی نەخشەکەدا هەڵوەشاندنەوە و تواندنەوە هەبێت بۆ دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵە، یان زمانی، یان ئایینی، یان شوناسی نەتەوەیی، یان بوونی ئابوورییانەی، یان وێرانکردنی ئاسایشی کەسی تاکەکانی ئەو کۆمەڵە و بێبەشکردنیان لە ئازادی و ڕێز و شکۆ))، لیمکین دوای ئەوە لە توێژینەوەیەکی دواتریدا هەستا بە چاکسازی و فراوانکردنی پێناسەکەی بۆ ئەوەی زیاتر گشتگیرتر بێت بۆ نیازی لەناوبردنی کۆمەڵێکی مرۆیی یان ئیفلیج کردنی بەشێوەیەکی بەشی یان گشتی (٤) .

دیارە ئەم کەسایەتییە پرۆفسۆرێکی یاساناسی پۆڵۆنی بەرەگەز یەهودی بوو و ڕاوێژکار بوو لە وەزارەتی جەنگی ئەمریکا ، کە ئێمە پێمان وایە ئەوەی بە وردی لە ژیانی ئەم کەسایەتییە و هەنگاوەکانی کارکردنی بۆ داهێنانی ئاوا زاراوەیەك و پاشتر هەوڵەکانی بۆ ڕازی کردنی وڵاتانی نێو کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دەرکردنی ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی لەو بارەیەوە وردبێتەوە، گومانی لەوەدا نابێت ئێش و ئازاری هاوئایینە یەهودییەکانی بە دەست سیاسەتی هیتللەر و نازییەکانەوە پاڵی پێوە ناوە، بۆ کارکردن بۆ ئاوا ئەجێندایەك، بۆ یەکەمجاریش لە مێژوودا ئەو تاوانانەی لەم ڕێککەوتننامەیەدا ڕەنگیداوەتەوە وەك تۆمەت ئاراستەی سیستەم و کەسایەتییەکانی نازی کرا، سەبارەت بە هەوڵی جینۆساید کردنی یەهودییەکانی ئەوروپا، ئەوەش لە "دادگاییەکانی نۆرمبێرگدا ( ٥) .

دیارە تا ئێرەش ئەم چەمکە وەك چەمکێکی یاسایی باسی لێوە نەکراوە، بەڵکو وەك وەسفێك بۆ ئەو تاوانکارییانەی کە ئەنجام دراوە، تەنانەت لە دادگای نۆرمبێرگ لە ساڵی ١٩٤٦ ئەم تاوانە وەك وەسفی تاوانەکە باسی لێوەکراوە، بەمانای داڕشتنێکی یاسایی و چوارچێوەیەکی یاسایی نەبووە، پاشان لە ساڵی ١٩٤٦ هەریەك لە نوێنەرانی کوبا و هیند، یاداشتێکیان ئاراستەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و تیایدا باس لەوە دەکەن، کە تاوانی پاکتاوکردنی ڕەگەزی وەك تاوانی نێودەوڵەتی هەژمار بکرێت، ئەم پێشنیارەش ئاراستەی بەشی یاسایی کرا و لەدوای تاووتوێکردن و چەند گۆڕانکارییەك بڕیارێکی پێدەرکرد بەوەی (پاکتاوکردنی ڕەگەزی تاوانێکە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی)، هەروەها بانگەشەی وڵاتانی بەشداربووی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد، کە لە دەستووری وڵاتانی خۆیاندا یاسایەك دابڕێژن، کە ئەم تاوانە قەدەغە بکات و سزای بۆ دابنێت، ئەمەش ئەو چوارچێوە یاساییەی بۆ جینۆساید یاخود پاکتاوکردنی ڕەگەزی (فەراهەم نەکرد. (٦)

## سێ یەم / ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید :

لە ئەنجامی هەموو ئەوانەشدا، لە ٩ / ١٢ / ١٩٤٨ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە بڕیاری ژماری ٢٦٠ هەزار (د. ٣ )، ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدی خستەڕوو بۆ واژووکردن ، کە لە دەقی بڕیارەکەدا هاتووە مێژووی دەستکردن بە جێبەجێکردنی: ١٢ / ١ / 1951 دەبێت بەپێی ماددەی سیازدە. ، کە ئەم ڕێککەوتننامەیە لە ( ١٩ ) ماددە پێکهاتووە و تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ (واتا زیاتر لە نیوسەدە لە

ڕێککەوتننامەکە) ١٢٦ دەوڵەت واژوویان لەسەر کردوە ، واتا تا ئەو بەروارە هێشتا نزیك بە سێیەکی دەوڵەتانی جیهان واژوویان لەسەر ڕێککەوتننامەکە نەکردوە.

لە دێپاچەی ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە:

ئەو لایەنانەی ڕێککەوتننامەکەیان کردوە: وایدەبینن کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە بڕیاری ٩٦ (د-١) لە ١١ ی کانوونی یەکەم/ دیسەمبەری ١٩٤٦ ، ڕایگەیاند کە پاکتاوکردنی بەکۆمەڵ، تاوانە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و ناتەبایە لەگەڵ ڕوحی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئامانجەکانیدا و جیهانی شارستانیش ئیدانەی دەکات، هەروەك داندەنێت بەوەی کە پاکتاوکردنی بەکۆمەڵ لە هەموو چاخە مێژووییەکاندا زیانێکی بێشوماری گەیاندوە بە مرۆڤایەتی(٧).

ئەمە و لە ڕێککەوتننامەکەدا: جینۆساید هەریەك لەم کردانەی خوارەوە دەگرێتەوە، کە ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی وێرانکردنی گشتی یان بەشی سەبارەت بە کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی یان ئیتنی یان ڕەگەزی یان ئایینی، بەم شێوانە:

أ-کوشتنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.

ب-گەیاندنی زیانی جەستەیی یان گیانی بە ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.

ج-بە ئەنقەست دانانی ئەو کۆمەڵە لەژێر بارودۆخێکی ژیانی وادا، کە مەبەست لێی لەناوبردنی فیزیکییان بێت بە گشتی یان بەشی.

د-دانانی ڕێوشوێنگەلێك بەئامانجی ئاستەنگدانان لەبەردەم لەدایکبوونی منداڵ لە ناو ئەو کۆمەڵەدا.

ه-بەزۆر گواستنەوەی منداڵ لە کۆمەڵەکەوە بۆ کۆمەڵەیەکی تر (٨).

کە ئەگەر لە بڕگەکانی نێو ئەم ماددەیەی ڕێککەوتننامەکە وردبینەوە، "کوشتن یان فەوتاندن " Caeder کە بڕگەی دووەمی وشەی جینۆساید پێکدەهێنێت، تەنها بە واتای ئەوە نییە بەشێوەیەکی ماددی و فیزیکی ئەندامانی کۆمەڵەکە یان بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵەکە بکوژێت، بەڵکو جیا لەوە هەر بە زیانگەیاندنی جەستەیی یان تێکدانی ئاستی بژێوی ئەو کۆمەڵەیە جا بە ئابلۆوقەخستنە سەر بێت یان بە گواستنەوەیان لە شوێنی خۆیانەوە بۆ شوێنێکی تر، کە مەبەست لێی هەوڵدان بێت بۆ لەناوبردنیان، جا بەگشتی یان بەشی، یان ئاستەنگ دانان لە بەردەمیان بۆ ڕێگری کردن لە خستنەوەی وەچە، کە دیسان دەرهاویشتەکەی لەناوچوونە لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیاندا، یان بەزۆر گواستنەوەی منداڵ لە کۆمەڵەیەکەوە بۆ کۆمەڵەیەکی تر، کە ئەوەش دیسان لە ناو کۆمەڵەکەی تردا دەبێتە هۆی سڕینەوەی بیروباوەڕ یان ئیتنی یان نەژادی نەتەوەی یەکەم لە بیرکردنەوەیدا، هەموویەمانە بە تاوان ئەژمارکراوون و دەچنە خانەی جینۆساید و پاکتاوکردنەوە.

دیسان لە ڕێککەوتننامەکەدا سزا دانراوە لەسەر کردەکانی :

أ-جینۆساید.

ب-پلاندانان بۆ ئەجامدانی جینۆساید.

ج-هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

د-هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

ه-بەشداری کردن لە جینۆسایدا .

ئەگەر لەو بڕگانەی سەرەوەش وردبینەوە، تاوانەکە تەنها ئەوە نیە ئەو دەوڵەتە یان ئەو تاکە، خودی کردەی جینۆساید ڕاستەوخۆ ئەنجام بدات، بەڵکو هەریەك لە کردەکانی تری (پلاندانان، هاندان، هەوڵدان، بەشداری کردن) لەلایەن هەر دەوڵەت و تاکێکەوە ئەنجام بدرێت، دەچێتە خانەی خودی کردەی جینۆسایدەوە و لە ڕێککەوتننامەکەدا هیچ جیاکارییەکی لە نێوان خودی جینۆساید و هیچ یەك لەو چوار کردەیەی تردا نەکردوە(٩).

## تەوەری دووەم / چەمکە و مێژوو و ڕوانگەی ئایینی بۆ ئەنفال :

## یەکەم / چەمکە و مێژوو ی ئەنفال :

ئەنفال وەکو زاراوە وشەیەکی عەرەبییە، بەڵام وەکو سەرچاوە و بەکارهێنان لە قورئانی پیرۆز و لە هەناوی قورئانی پیرۆز و فیقهی جیهادی ئیسلامییەوە سەرچاوەی گرتووە.

))نفل)) بە جوڵاوی (النَّفَل) بە واتای دەسکەوت، خەڵات و بەخشین دێت .. کۆیەکەی (أنفال) و (نِفال)ە، خاوەنی (معجم الصحاح) مەرجێکی تری بۆ زیاد دەکات و دەڵێت: خەڵاتێکی ئارەزوومەندانەیە لەوەی کە بەخشینی پێویست نەکراوە ، دیسان ئبن مەنزووریش هەمان مەرج دووبارە دەکاتەوە: هەموو بەخشینێك بەخشەرەکەی ئارەزوومەندانە بیبەخشێت، لە خێرکردن یان کاری چاکە ئەوە (نافلە)یە، وەك دەوترێت: ((نفلە نفلاً وأنفلە إیَّاه ونِفال)) واتا خەڵات و دەستکەوتێکی پێی بەخشی... لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە: ((یسألونك عن الأنفال)) دەوترێت دەستکەوتە، پرسیاریان لەبارەوە کردوە، لەبەرەئەوەی حەرام بووە لەسەر ئەوانەی پێش ئەوان و خوای گەورە حەڵاڵی کردوە بۆ ئەمان(١٠) .،

دیاره ئەوەی لە لێکدانەوەی ئایەتەکەوە باسمان کرد، مەبەست لە بەکارهێنانییەتی لە فیقهی جیهاددا، بەڵام ئەم زاراوەیە تەنها پەیوەست نییە بەو بووارەوە، بەڵکو بۆ زۆر بواری تر بەکاردێت، لەوانە :

١- بەخشینی دیاریی، لەلایەن کەسێکەوە بە کەسێکی تر:

وەك لە زمانی عەرەبیدا هاتووە (نفلتك تنفيلاً)، واتا پێتم بەخشی.

٢ -بۆ خوێنبەخشین لە مەیدانی جەنگدا بەکاردێت، ئەوەتا (الٲعشى)ی شاعیری عەرەب لە دێڕە هۆنراوەیەکدا دەڵێت:

لئن منيت بنا عن جد معركه

لاتلفنا عن دماو القوم تنتفل .

٣-بۆ خۆپارێزی و پەرستش بەکاردێت، ئەوەتا (لبيد)ی شاعیری عەرەب، لە دێڕە هۆنراوەیەکدا دەڵێت:

إن تقوى ربنا خير نفل

وبإڗن الله ريپی والعجل

لە راستیدا هەموو مێژوو و کلتوری ئیسلامی بخوێنیتەوە، هەرگیز لە شوێنێکدا بەرچاوت ناکەوێت، کە لە دەستکەوتەکانی جەنگدا، مرۆڤ (دیل) خرابێتە نێو ئەو دەستکەوتانەی جەنگەوە کە بە (انفال) ناودەبرێن، راغیبی ئەسفەهانیش لە پەرتوکە بەنرخەکەیدا (المفردات فی غریب القرئن)، کە پێم وایە ناکرێت زاراوەیەکی قورئانی خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو پەرتوکە، ئەوە بۆچوونی تەنها بەندە نیە، بەڵکو هەموو زانایان لە خوێندنەوەی زاراوەکانی قورئاندا، دەگەڕێنەوە بۆ ئەو پەرتوکە بەنرخە، ئەو لە دیاری کردنی وشەی ئەنفالدا دەڵێت: دەوترێت بریتییە لە دەستکەوت، ، بەڵام جیاوازی گوزارشت سەبارەت بەو هەیە....، ئەو ئەگەر وادابنرێت بەدەستهاتووە، پێی دەوترا (دەستکەوت- غنیمە)، ئەگەریش وادابنرێت بەخشینێکە لە خواوە جیا لە پێویست، پێی دەوترا(نَفل)، هەیشە جیاوازی لە نێوانیاندا دەکات لەڕووی گشتی و تایبەتییەوە، دەڵێت دەستکەوت ئەوەیە کە بەدەستدێت بە ماندووبوون یان بێ ماندووبوون، بە شایستەبوون یان بێ شایستەبوون، لە پێش سەرکەوتن یان لە دوای، بەڵام (نَّفل) ئەوەیە کە بۆ مرۆڤ بەدەستدێت لە پێش دابەشکردنی کۆی دەسکەت (غنیمە)دا، دەوترێتیش بریتییە لەوەی کە بەدەستدێت بۆ مسوڵمانان بە بێ جەنگ ....، دەوترێتیش بریتییە لەوەی جیادەکرێتەوە لە کەلوپەل و هاوشێوەی دوای ئەوەی کە دەستکەوت دابەشدەکرێت.(١١)

لێرەدا ئەگەر وردبینەوە "راغیبی ئەسفەهانی" (نفل) روون دەکاتەوە بە کەلوپەل و هاوشێوەکانی، نەك مرۆڤ و دیلەکانی جەنگ.

نشیکردنەوەیەکی بۆ زاراوەی ئەنفال لە قورئانی پیرۆزدا دەتوانی بڵێین بەم شێوەیە:

١-ئەنفال (أموال)ە، واتا شتوومەك، هەروەك لە هەمان سورەتی "أنفال"دا، ئایەتی ((واعلموا أنما غنمتم من شیء)دا هاتووە، کە (شیء) بە مانای شتوومەك دێت.

٢)-من الکفار) واتا لە بێباوەڕانی جەنگاوەر.

٣)-قهراً بقتال) واتا شتوومەکان شتی بەجێماوی مەیدانی جەنگەکەیە، نەك هی ماڵ و نێو لادێ و شارەکان.(١٢)

ئەنفال لە ئیسلامدا یەکیکە لە سورەکانی قورئان پیرۆزە کە هەشت مەین سورەت لە کۆی (١١٤) سورەتدا و لە (٧٥) ئایەت پێکاتوو لە ساڵی (٢) کۆچی بەرامبەر بە(٦٢٤) زانی لە شەری گەورەی بەدر دابەزیوە ( ٩) . خوا ی گەورە دەفەرمیت ( یسالونک عن الانفال قل الانفال لله و الرسول فاتقوا الله واصلحو اذات بینکم وا طیحوا الله و رسول آن کنتم مومنین ) ( ١٣).

**دووەم / پیادەکردنی لەلایەن رژێمی عێراقەوە :**

رژێمی بەعسی بە سەرۆکایەتی خودی ( سەدام حەسێن ) و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرش بە بریاری ژمارە (١٦٠) لە بەرواری (٢٩-٣-١٩٨٧ ) دا (عەلی حەسن مەجید ) ئامۆزا ی کردە سەرۆکی نووسینگە ریکخستن باکوور لە شار کەرکوک تەواوی دەسەڵاتی سەربازی و رامیاری دەرا بە (عەلی حەسن مەجید ) .

(عەلی حەسن مەجید ) بریاری ژمارە (٤٠٠٨/٢٨) لە بەرواری ( ٢٠-٦-١٩٨٧ ) دەرکرد بۆ هەر سێ فەیلەقی یەکە و دوو وپێنچ و بریار درا بوو بە دیاری کردنی ناوچەی قەدەغە کراوە بەتابیە گوندەکانی کوردستان راگوستنیان لە سەر ئاو و خاکەی خۆیان (١٤).

شتێکی روونە و یەکێکە لە ناشیرینترین تاوانەکانی پاکتاوکردنی بەکۆمەڵ لە مێژووی هەموو جیهاندا، کە ئەم پرۆسەیە لەنێوان ٢٣ ی شوبات – ٦ ی ئەیلوولی ١٩٨٨ لە هەشت قۆناغی یەك لەدوای یەکدا روویدا، کە تەواوی گوندەکانی باشووری کوردستان و زۆربەی شارەدێکان و تەنانەت هەندێك شارۆچکەشی گرتەوە، تیایدا هەزاران لە پیاو و ژن و منداڵی کورد یان بە گازی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی کوژراو و بریندار بوون یان راپێچی زیندانەکانی ئەو رژێمە کران و بەشێوازی جۆراوجۆر لە برسی کردن و گوللەباران کردن و زیندەبەچاڵ، یان لەوانەیە بە رێگای نامرۆڤانەی تریش کە تەنها خودی ئەو رژێمە بیزانێت و مرۆڤایەتی بەخۆیەوە نەیبینی بێت لەناوبران(١٥).

دەکرێت زۆر هۆکاریش لەپشت ئەو هەنگاوەی حیزبی بەعسەوە هەبن، بۆ ناونانی ئەو پرۆسەیە بە ئەوها ناوێکەوە، کە هەندێکیان پەیوەندییان بە باگراوەندی سیاسەتی بەردەوامی ئەو حیزبەوە هەیە و هەندێکیشیان پەیوەندیدارن بە زەمان و زەمینی ئەو سەردەمەوە، ئەوەی ئاشنای سیاسەتی بەعس و مێژووی کارە قێزەونەکانی بێت، زۆر باش ئەوە دەزانێت کە ئەو حیزبە و رژێمەکەی، هەمیشە کارە باشەکانیان لە کاری خزمەتگوزاری و بونیاتنانەوەدا بە ناوی بەعس و سەدامەوە دەکرد: وەکو نەخۆشخانەی سەدام، قوتابخانەی سەدام، قوتابخانەی بەعس، شاری سەدام، گەڕەکی بەعس، بەنداوی سەدام، ...هتد.، بەڵام لە بەرامبەردا شەڕ و شۆڕ و کارەساتەکانیان بە ناوی ئیسلام و زاراوە ئایینییەکانەوە دەکرد، وەکو راپەڕینی رەمەزان بۆ ناونانی ئەو هەڵگەڕانەوەیەی لە خولی یەکەمیاندا پێی هاتنە سەر فەرمانڕەوایی، هەروەها شەڕی قادسیە، شەڕی الله أکبر، شەڕی لا الە الا الله، شەڕی توکلنا علی الله، شەڕی حتین، دژ بە ئێران، پرۆسەکانی ئەنفال دژ بە گەلی کورد، سوپای الله أکبر، سوپای خالدی کوڕی وەلید، سوپای سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس و چەندان ناوی سوپایی تر.(١٦)

هەروەك زەمان و زەمینی روودانی کارەساتەکەش پاڵنەر و هۆکارێکی تر بوون بۆ ئاوهاناونانێك، ئێمە دەزانین پرۆسەکە کەوتبووە کۆتایی و بەشێکیشی کۆتاییهاتنی شەڕی عێراق- ئێرانەوە، شەڕێك بە هەموو پێوەرێك عێراق و ئێران هیچیان هیچ دەسکەوتێکی ئەوتۆیان جگە لە ماڵوێرانی لێی نەچنییەوە، ئەوەش عێراقی تووشی جۆرێك لە شەرمەزاری بەرامبەر دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی کردبوو، بگرە زۆرێك لە دەوڵەتانی تەنانەت خودی عەرەبیشی خستبووە بەرەی بەرامبەرەوە، عێراق پێویستی بە کار و کردەوەیەك بوو کە جارێکی تر ناوی بباتەوە ناو دنیای سیاسەتی وڵاتانی عەرەبییەوە، بۆ ئەوەش

کارێکی جیهادی و زاراوەیەکی ئیسلامی دژ بە گەلێکی بێ باوەڕ و ئاگرپەرستی وەکو کورد کە ئەو کوردی ئاوا وێناکردبوو لە بەرامبەر دنیای عەرەبی و ئیسلامیدا، باشترین کارێك بوو پێی هەستێت، گومانی تیانییە ئەمە هۆکارێکی گەورە بوو لە پشت ئەو ناونانەوە، ئێمە لەسەر ئەم بابەتە زۆر راناوەستین، چونکە تەواوی بەش و پارەکانی تری ئەم توێژینەوەیە، لە خزمەتی روونکردنەوەی ئەم بابەتەدان(١٧) .

## بەشی دووەم/ قوناغی یەکەی ئەنفال و گوندەی سەرمۆرد.

### تەوەری یەکەم / قۆناغی یەکەمی ئەنفال: ٢٣ ی شوبات – ١٩ ی ئازار / ١٩٨٨

### یەکەم / مێژووی دەست پێکەی قوناغی یەکە :

یەکێك لە کێشە هەرە گەورەکانی ئەنفال، لایەنە مێژووییەکەیەتی، کە لایەنی مێژوویی و وردی لە دیاری کردن و کات و شوێنی تاوان، یەکێکە لە هەرە دیکۆمێنتە گرنگەکانی هەر کەیسێکی تاوان، بۆ نموونە سەبارەت بە دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی هەر قۆناغێك، کۆمەڵێك بەرواری جیاجیا ئەنووسرێت، لای هەمووان ئاشکرایە، قسەکردن لەسەر هەر بابەتێکی مێژوویی، پێویستی بەوەیە:

١-یان خودی نووسەر یان توێژەر لە ناو رووداوەکاندا ژیابێت و وەکو یادەوەری رووداوەکان تۆمار بکات.

٢-یان بەڵگەیەك لەو بەڵگانەی دەست بکەوێت، کە لە زانستی مێژوودا بە دیکۆمێنت و بەڵگە دادەنرێن و شیکاری خۆی لەسەر بکات.

٣-یان ئەگەر رووداوەکە نوێییە (وەکو ئەنفال)، پشت بە میتۆدی چاوپێکەوتن و مێژووی زارەکی ببەستێت.

٤-یانیش بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی پێش خۆی و ئاماژەیان پێبدات.

بەڵام سەبارەت بەم بابەتە چ لە دیاری کردنی مێژووەکەی چ لە وردەکارییەکانی تردا، زۆرجار دەگەیت بە هەندێك نووسین، نازانی لە ژێر چ ناوێکدا پۆلێنیان بکەیت، بابەتی هەستیار تۆمارکراوە بێ ئاماژدان بە (سەرچاوە، دیکۆمێنت، چاوپێکەوتن) و بێ ئەوەی نووسەرەکەی دوور و نزیکیش ئاگای لە رووداوەکە هەبێت، جاری وا هەیە تەمەنی نووسەر کەوتووەتە دوای بەرواری رووداوەوە، کەچی وەك گەواهیدەری بینەری رووداو (شاهد عیان) رووداوەکە دەنووسێتەوە، زیاتر لەسەر ئەمە ناڕۆین.

سەبارەت بە قۆناغی یەك نەوشیروان مستەفا کە ئەو مێژوونووسەیە لە ناو رووداوەکانی ئەم قۆناغەوە یادەوەرییەکانی تۆمارکردوە، شەوی ٢٢ لەسەر ٢٣ ی شوباتی ١٩٨٨ بە دەستپێکردنی قۆناغەکە دیاری دەکات، کە بە هێرشێکی کیمیاوی رژێم بۆ سەر ناوچەکە دەستی پێکردوە و دواتر دوای چەند کاتژمێرێك لە تۆپباران، هێرشی پیادە لە دوانیوەڕۆی ٢٣ ی شوبات دەستیپێکردوە، لای یەکێتییەوە رۆژی ١٨ ی ئازار ئەم قۆناغە کۆتایی هاتووە و بە بەرنامەیەك کشاونەتەوە و ناوچەکەیان چۆڵکردوە ، لای حکومەتی عێراقی رۆژی ١٩ ی شوبات کۆتایی قۆناغەکەیە و بە راگەیەنراوی ژمارە ٣٠٨٧ لە بەرواری ١٩ ی ئازاری ١٩٨٨ ی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق، کۆتایی قۆناغەکە و گرتنی بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی بڵاوکردوەتەوە، ئەمە زۆر بە وردی دیاریکردنی مێژووی دەستپێك و کۆتایی قۆناغی یەکەمی ئەنفالە(١٨)، بەدواداچوونەکەی "میدڵ ئیست وۆچ" و زۆر

سەرچاوەی تریش هەمان بەرواری ٢٣ ی شوبات بۆ ١٩ ی ئازاریان پشتڕاستکردوەتەوە ، بەڵام لە بەرامبەردا، هەتا دیاریکردنێکی راست لە دیاریکردنی مێژووی ئەم قۆناغەدا دەبینی، چاوت بە چەندین دیاریکردن دەکەوێت، کە نازانیت سەرچاوەکەی کوێیە(١٩).

قۆناغی یەکەمی تاوانی ئەنفال، بەپێی بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوانی عێراق، لە ناوچەی "سەرگەڵوو، بەرگەڵوو" لە ٩ / ٢ / ١٩٨٨ تا ٢٣ / ٢ / ١٩٨٨ ئەنجامدراوە ، بەو شێوەیە هەرکەس بۆ خۆی رۆژ و مانگ رێکدەخات و ئاگای لەوی دی نییە، منیش نامەوێت زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕۆم، ئەوەی بەدواداچوون بکات بەڵگە زۆرە(٢٠).

## دووەم / جوگرافی قۆناغی یەکە :

سنووری جوگرافی ئەم قۆناغەی ئەنفال سنووری دۆڵی جافایەتی بوو، کە نزیکەی ( ١٥٠ ) گوند لەخۆی دەگرێت، ئەوکات سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لە گوندی "سەرگەڵوو" جێگیر بوو ، سەرگەڵوو شارۆچکەیەکی بچووکی ( ٥٠٠ ) ماڵی دەبوو، (٣٥٠٠ ) کەس دانیشتووانەکەی بوو، بە ئۆتۆمبێل بەسەر رێگایەکی چەوڕێژدا لە ناحیەی سورداشەوە نیو سەعاتێك دەبوو، هەرچەندە خانووەکانی لە قوڕ و بەرد دروستکرابوون، بەڵام زەمینەی چیمەنتۆڕێژ بوو و هەموو ماڵێك ئاوی خۆی لە کانییەکانەوە راکێشابوو، گوندی "هەڵەدن"یش لەوێوە بەپێیان سەعاتەڕێیەك دەبوو، ئەویش دیسان گوندێکی گەورەی ( ٣٥٠ ) ماڵی بوو و چواردەوری رەز و باخ بوو و هێزێکی زۆری پێشمەرگەکانی یەکێتی لێبوو، گرنگی دۆڵەکە بۆ پێشمەرگە وەك گرنگی بەغدا وابوو بۆ حکومەت ، سنوورەکەش لە نزیکەی ( ١٥٠ ) سەدوپەنجا گوند پێکدێت و ناوچەیەکی شاخاوی و سەختە..تەنها لەم قۆناغەدا نزیکەی ( ١٢,١٠٠ ) دوانزە هەزار و سەد کەس بەهۆی چەکی کیمیاوییەوە کوژراون یان بریندار بوون(٢١) .

سەرپەرشتیاری ئەم قۆناغەی ئەنفال لیوا روکن "سوڵتان هاشم ئەحمەد" بوو، کە شارەزاییەکی تەواوی لە ناوچەکانی کوردستاندا هەبوو، چونکە کاتێك لە پلەی مولازمدابوو لە کوردستان راژەی سەربازی بەجێهێنابوو ، ئەو قۆڵانەش کە رژێمی عێراقی لێیانەوە هێرشی کردە سەر ناوچەکانی قۆناغی یەکەمی ئەنفال، ئەمانە بوون:

-لە چیای ئەزمڕەوە بۆ دووبرا و پشتی قەیوان.

-لە دۆڵەڕووتەوە بۆ قزلەر، لەوێشەوە بوون بە دوو قۆڵ: قۆڵێك بەرەو شاخ و قۆڵێکیش داگەڕان بۆ لوتەی چادری بەرامبەر زێوێ، تا لەگەڵ قۆڵەکەی قەرەچەتان- زێوێ یەکبگرنەوە.

-لە کارێزەوە بۆ گاپیلۆن و لەوێوە بەرەو گەڕەدێ و باڵخ و ولاخلوو و گۆجاڕ و شاخی خەجە لەرزۆك.

-لە قۆڵی سورداشەوە بۆ گوندی شەدەڵە.

-لە قۆڵی قەرەچەتان و بارەگا سەربازییەکەی بەردەمییەوە بۆ زێوێ.

-لە رێگای سورداش- دوکانەوە بەرەو زنجیرە چیای چەرماوەند.

-لە دوکانەوە بۆ قەمچوغە و سەرمۆرد.

-لە دوکانەوە بەرەو دێهاتەکانی قەڵەم پاشا و قەرەنکەوە.

-لە ڕێگای دوکان- بنگردەوە بەرەو بەرزاییەکانی سێدەر.

-لە بنگردەوە بەرەو بەری مەرگە.

-لە بنگردەوە بۆ ئاوەژێ و کانی بی.

-لە گوندی هەنجیرەی بنگردەوە بۆ شارستێن و سێدەر و دۆڵەبی .

کە درێژی هێڵەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە لەم قۆناغەی ئەنفالدا بە ( ٥٠ میل) خەملێنراوە، لە (بنگرد)ەوە بۆ لای خۆرهەڵاتی دەریاچەی دوکان و شارۆچکەی دوکان، لەوێشەوە بۆ شاری سلێمانی و شارۆچکەی (ماوەت و چوارتا)ی گرتەوە.(٢٢)

## سێ یەم /ئەو هێزانەی لەم قۆناغەدا بەشدار بوون:

١-هێزەکانی تایبەت (قوات خاصە(

٢-سەرکردایەتی گشتی هێزی چەکدار: لیواکانی ٦٥ ، ٦٦.

٣-لیوای مغاویری فەیلەقەکانی ( ٢ ، ٤ ، ٥ ، ٦ (

٤ -فەوجی مغاویری فەیلەقی پێنج و مغاویری فیرقەی چوار.

٥ -فیرقەی زەمینی پێکهاتبوون لە لیواکانی: ١٨ ، ١٩ ، ٣١ ، ٣٢ ، ٤٨ ، ٧٢ ، ٧٥ ، ١١٦ ، ١٣٠ ، ٤٣٨ ، ٤٤٥.

٦-یەکەی تۆپهاوێژ.

٧-هێزەکانی بەدر.

٨-فیرقەی زەمینی چوارەم.

٩-هێزەکانی قەعقاع.

١٠-یەکەی شەڕکەری فیرقەی پێنج.

١١-یەکەی ئەندازەیی، یەکەی ڕێگاوبانی سەربازی، بۆ تێکدانی گوندەکان.

١٢-یەکەی هەواڵگری سوپا.

١٣-چەندین یەکەی تری وەك: یەکەی کیمیاوی، یەکەی فڕۆکەوانی، هێزی ئاسمانی .

ئەوە جگە لە هێزە ناسیستماتیکەکانی حکومەتیش، کە خۆیان لە فەوجەکانی جاش و هێزەکانی مەفرەزە تایبەتەکاندا دەبینییەوە و لە هەموو قۆناغەکانی ئەنفالدا رۆڵی دیاریان هەبوو، ئەوەش بەهۆی شارەزایی ناوچەکە و بوونی نزیکایەتییان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکان، جا بەهۆی خزمایەتییەوە بێت یان هەر هۆکارێکی تر، تا ئەوەی زۆربەیان هەر خەڵکی ئەو ناوچە و گوندانە بوون کە ئەنفال دەکران، بەتایبەتتریش لە قۆناغی یەك و ئەو شەڕانەی لە قۆناغەکانی تریشدا روویدا سوپای عێراق زۆر پشتی پێیان بەست، ئەوەش لەبەر سەختی و دژواری ناوچەکان کە زۆربەی شەڕەکان لە ناوچە شاخاوییەکاندا روویانداوە و ئەوەش ئاستەنگ بووە بۆ سوپای نیزامی جموجۆڵیان تێدا بکات، بۆیە زیاتر پشت بەو هێزە ناسیستماتیکانە دەبەسترا، کە کەمتر پشتیان بە چەکی قورس و لەسەر ئۆتۆمبێل جولاو دەبەست، زیاتر چەکەکانیان سووك و دەستی بوون و پشتیان بە شارەزایی ناوچەکە و تاکتیکی ناسیستماتیك و جووڵەی شەوانە دەبەست، کە لە کۆتایی ئەم بەشەدا زیاتر باس لە رۆڵی ئەم هێزانە دەکەین(٢٣).

)عەمید عەلی حسێن خەزعەل ئەلحەمدانی) کە فەرماندەی هێزی "بدرالکبری"ی سوپای عێراق بوو، لە یەکێك لە بەڵگەنامەکاندا لە ناو راپۆرتی فەیلەقی یەکدا لەمەڕ شاڵاوی ئەنفالی یەك، دانی بەمەدا ناوە و دەڵێت: جگە لەو هێزە نیزامییانەی سوپای عێراق کە بەشداری شاڵاوەکەیان کردبوو، فەوجە سووکەکانی خەفیفەی ( ٢ ، ٥ ، ٢٣ ، ٣٠ ، ٣٦ ، ٣٧ ، ٥١ ، ٨١ ، ٩٦ ، ١٠٦ ) شانبەشانی سوپای عێراق بەشداری شاڵاوەکەیان کردوە و هێزە نیزامییەکانی عێراقیش، بریتی بوون لە هێزەکانی فەیلەقی یەك و زیاتر لە ( ٢٠ ) بیست لیوا لە فەیلەقەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، بە پاڵپشتی سەدان تانکی پێشکەوتووی هەمەجۆر و زرێپۆش و سەدان تۆپی قورس و کاتیۆشا، بە هاوکاری دەیان هەلیکۆپتەر و فڕۆکەی هێزی ئاسمانی عێراق.(٢٤).

هەرچەندە یەکێتی مێژوویەکی دوورودرێژی هەبوو بۆ هەڵسوکەوت و ژیان لە ژێر هێرش و پەلاماردا، بەڵام ئەمجارەیان واپێدەچێت خۆی ئامادە نەکردبێت بۆ ئەم پەلامارە توند و سەختە، کە لە کۆتایی ئەو مانگەدا تێکیشکاند، لەوانەیە پێشمەرگە بەو رادەیە مەزەندەیان نەکردبێت، چونکە رژێمی عێراق ئەو دەمە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە بە شەڕی ئێرانەوە گرێدرابوو، بەڵام ئەوان خێرا لە نیازی تێگەیشتن، ئەوەش کاتێك کە ئابلۆوقەی دۆڵی جافەتی دا، بەدەستهێنانی سەرکەوتن لێرە تەنها ئەوە نەبوو کەوا سەری یەکێتی ببڕدرێت، بەڵکو کاریگەری روخاندنی سایکۆلۆژیشی سەلماند، کەوا رژێم هەر شوێنێکی هەڵدەبژارد و لە هەر ناوچەیەك، بەسەر پێشمەرگەدا زاڵدەبوو.

## تەوەری دووەم / گوندەی سەرمۆرد :

## یەکەم / گوندی سەرمۆرد:

گوندی سەرمۆرد یەکیک لە گوندکانی ناحیە سوورداش سەر بە قەزا ی دووکان پشتی شاخی سارا سەر بە پارایزگا ی سلێمانی لە باشوور کوردستان ،لە باکوورەو هاوسنورلە گەڵ گوندی قەڵەم پاشا و لە باشوورەو لە گەڵ گوندی کانی خان و لە رۆژ هەڵاتەوە لەگەڵ گوندی دیدان ولە رۆژئاواوە لە گەڵ قەزا ی دووکان ، بەرەزی لەسەر ئاستی دەریایەوە (١٠٣٥) م دەکات (٣٣٦٩) پێ ،دانیشتوانی ئەم گوند لە رووی ئایینەو موسڵمانن و سونەی مەزهبی شافعین ( ٢٥).

دانیشتوانی ئەم گوند خەریکی رەزوباغ و ئاژڵدارین بەتایبەت میوەی ترێ بە ناوبانگە جوتیارکانی ئەم گوند ترێ مێووژیان دەبردە بۆ گەرمیان لە گەڵ گەنم و جۆ ئالۆگۆریان دەکرد ( ٢٦).

بەهۆی سەختی شوینی جوگرافیکی رێگا ی هاتوچۆ سەختە تەنها بە ئاژاڵ دەتوانن هاتوچۆ و گواستنەوە گەیاندن بکەن تا ئەمرۆیش رێگا باش و گونجاوەی بۆ ئۆتۆمبیلی نیە .

گوندی سەرمۆرد بەپێ سەرژمێری دانیشتوانی عێراق لە ساڵی (١٩٥٧) دانیشتوانی گوندەکە (٢٩٢) نەفەر بوون( ٢٧).

گوندی سەرمۆرد بەپێ سەرژمێری دانیشتوانی عێراق لە ساڵی (١٩٧٧) دانیشتوانی گوندەکە (٤٣٧) نەفەر بوون( ٢٨).

لەپێش پرۆسە ئەنفالدا نیزیکی (٨٠-٨٥) ماڵە بوون کە نیزیکی (٤٥٠-٥٠٠)نەفەربوون( ٢٩) .

پێش شاڵاوەی پرۆسەی ئەنفال رژێمی و حکومەتی عێراق نە هاتووتە گوندکە بە هۆیە سەختی ناوچەکە بەلام چەند جارێک لە سەر شاخی ساراوە بە چەکەی قەناس تەقیان کردوو لە ناو گوند .

**دووەم /پرۆسەی ئەنفال و گوندی سەرمۆرد:**

سەرەتای دەستپێکەی  پرۆسەی ئەنفال لە کۆتایی مانگی شباط بوو کەحکومەتی عێراقی دەست بە پرۆسەی سەربازی پلان بۆ دارێژاوە  دەکات ،دانیشتوانی گوند دەبنە سێ بەشەوە :

بەشی یەکەم بەشێک لە گەنج کانوو ئەوانی ئاژاڵی بەرزەیان هەیە دەچن بۆ ئیران.

بەشی دووم دوولە خێزانکانی ئەم گوندا دەچن بۆ ناوچەی شێخ بزێنی و هەندەێکان دەچن بۆ سەفروزەنوون .

بەشی سێ یەم هەر لە ناو گوندکە مانەوە کە کەسانە بەتەمەنوو و منال وژن لە گەڵ ئاژاڵدارکان و  مابوونەوە ( ٣٠).

لەسەرەتایی پرۆسە ی ئەنفالدا گوند سەرمۆرد بەرئەو شاڵاوکەوت لە قوناغی یەکەی ئەنفالدا لە بەرواری (٢٣-٢-١٩٨٨ تا ١٩-٣-١٩٨٨) و بەشداری کردنی هەر دوو فیلەقی یەک و پێنچ و هێزی ئاسمانی و جاشەکان لە دۆڵی جافایەتی ،لە کاتی پرۆسەکدا (٢٨) کەس مابوونەوە و هەردوو خێزانکە کە ژمارەیان (١٠) کەس بوون کە ماڵی کاکە حمەزیاد بوو باوکی شەماڵ تاقانەی ئەنفال و ماڵی مام سمائیلی بوون .

هێزی سەربازی کە هێرشیان کرد بۆ سەر گوند ی سەرمۆرد بە پیادە بوو چۆنکە گوندەکە ڕێگای ئوتۆبیل نەبوو ،چەک و کەرسی سەربازیان بە ئاژاڵ هێناو و گواستەوە  بۆ ناو گوند بۆیە ناچارە بوون بۆپاراستی گیانی خۆیان چوون ئەشکەوتی کوتال لە بەرواری (٢٠-٢-١٩٨٨) بەمەبەستی پاراستین خۆیان ئەشکەوتی کوتال ( ناوی ئەشکەوتەکە لەوە هاتوو کاتی خۆی کوتاڵ فرۆشیک لەوی ماتەوە ) دەکەویت رۆژئاوای گوندکە لە شاخی سارا شوینکەی گونجاوە بۆ خۆشاردنەوە ئەم (٢٨) کەس بۆ ماوی (٣-٤)رۆژ مانەوە پاشان پێنان باشبوو بچنەوە ناو گوند خۆیان رادەست بکەن چۆنکە گوندکە پڕە بوو لە هێزەی سەربازی و جاش ،بەیانکەی زوو کاک فارس ئاڵایکی سپی هەڵگریت داچنە ناو گوند کەوە خۆیان رادەست دەکن پاشن لە لایەن سەربازکانەوە لێکۆلینەوە لەگەڵ دەکریت بۆ ماوەی (٣) رۆژ رادەگیرن کە پیان وا بوو کەسانەی ترە یان لە گەڵ یان هێزێ پیشمەرگە کە ئەو چەند رۆژ کەش هوا زۆر سارد بوو لە باردۆخیکی زۆر خراپدا بووهەموویان لە خانووکە کاک حمەزیاد دەست بەسەر بوون و خواردنە پیویستیان نابوو (٣١).

،هێزی سەربازی و جاشەکان دەستیان کرد بە تاڵانی بردنی ماڵە و سامان و ئاژاڵ و پەلەوەری گوند کە هەموویان برد ، پاشن دەستیان کرد بە رووخاندنی خانووکانی ناو گوند بە (تی نتی ) چونکە رێگای ئۆتومبێل نەبوو ،لەسەر ئەو بریار سەدام حەسێن ( سەری بۆمن و ماڵەی بۆ ئیوە )، هەموویان دەست بەسەرکران رەوانی بەندیخانەی قەڵای سوسی کران بۆلێکۆلینەوە بەتایبەتی لە گەڵ پیاواندا و ئەشکەنجە و ئازار دانیان پاش شەوێکی لە زیندان قەڵا ی سوسێ مانەوە بۆ بەیانی بۆ بنکەی پۆلیسی دووکان لەوێ بە کەفالت ئازاد کران، لە پاش مانگێک دووبار بانگ دەکرینەوە لە کاتی کۆکردنەوەیان دوو کچی کاک فارس کە گەورە بوون دوو بچوکتری لە جێگا ئەوان بە ناوکانی ( بێخاڵ و بێگەرد ) لە ترسی ئەشکەنجە و ئازار( ٣٢) .

پاشن بە مەبەستی لێکۆلینەوە دەبرێنە بۆ تەواری سلێمانی ( تەواری سلێمانی یەکیک لە دەزگا ی ئاسایش کانی سلێمانی لە سەردامی دەسەلاتی بەعسدا لە سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو  هاوشیوەی ئەمنەسوورکە سلێمانی کە شوینی ئەشکەنجە و ئازاردانی کورد بوو تا راپەرین ) ، پاشن لە دوای(٢) شەومانەوە لە تەواری دەست بە جیاکردنەو رەگەزەی کرا پیاو و ژن و

منداڵا لە یەک جیاکرانەوە و ئەشکەنجە و ئازاردانی جەستی و دەرونی وپیدانی نانی خراپ بە زیندانیان ،لە دوای (١٨) شەو لە زیندان بەیانەکەی زوو پیاوکان بە دەستوو وچاوی بەستراوە بە ئۆتومبیل جۆری ئیڤا و ژنەکانیش لە گەڵ منداڵا کاندا بە ئۆتومبیلی ئیڤا هەموویان بەرەو زیندانی تۆپزاوا ی کەرکوک گواسترانەوە( ٣٣) .

## سێ یەم/ زیندانی تۆپزاوا و نوگرەسەلمان :

لەبەرواری(٢٩-٤-١٩٨٨) گەیشتنە تۆپزاوا ی کەرکوک (تۆپزاوا دەکەویت (٢٠) کیلومەترخوار شاری کەرکوک ) بەدەرێژایی قوناغەکانی ئەنفال جگە لە ئەنفالی بادینان ،خەڵکی ئەنفال کروانی هەموو ناوچەکانی کوردستان دەبرینە ئەوی بەمەبەستی جیاکردنەوە رەگەزی لەیەکتری لێرا دابەش دەکران بە سەر سێ کۆمەڵدا :

یەکەم کۆمەڵە کەسانی بە تەمەن گەورەوپیربوون لەگەڵە منداڵان بوون.

دووم کۆمەڵە رەگەزی نێرلە پیاوان و کورانی گەنج بوون کە تەمەنیان لە نیوان (١٥-٤٥)ساڵدا بوو .

سێ یەم کۆمەڵە رەگەزی مێ بوون لە ژنان و کچان بوون.

هەر جی لە پرۆسەی ئەنفالدا گیرابوو لەوێ بوو بەتابیەت گەرمیانی کان ،هەر لەوێ هەر دوو خێزانەکەی کە چووبوون بۆ شێخ بزێنی لەوێ بوون کە ژمارە یان (١٠) کەس بوون یەکدەگرنەوە پێشتر لە سەرمۆرد بوون .بۆ ماوەی (٥) شەو لەوی مانەوە بەیانی کەی زوو پاسیان هینا سەرەتا پیاوکانیان برد بۆ ناو پاسەکان بە چاو و دەستی بەستراوە ،هەرچیان پێ بوو لێان سەند تەنها جل و بەرگیان لە بەر بوو پاشن بۆ نوگرەسەلمان ( ٣٤).

## زیندانی نوگرەسەلمان

زیندانی نوگرە سەلمان (لە بیستەکانی سەدەی رابردوو لە لایەن ئیگلیزەوە دورستکراوە یەکیک لەکۆنترین وترسناکترین زیندانی کانی عێراق کەوتوتە نیزیکە شاری سەماوە لە ناوچەی بەیابانی عێراق) ، یەکیک لە زیندانە بە ناوبانگەکان لە رۆژهەڵاتە ناوراست و بگرە جیهانیش، دەکەوێتە خواروو ی عێراق پارێزگای سەماوە نیزیک قەزا سەلمان ،نزەکە لە سونری وڵاتی سعودیە ،ناوچەکە سەحراوی بەدەوی نشینە ( ٣٥) .

حکومەتی رژیمی بەعسی عێراق لە پرۆسەی ئەنفالدا بەکاری هێناوە هەزاران هاوڵاتی کورد بوون قوربانی ،لە زیندانی نوگرسەلمان هەموو زیندانیان لە ژێر ئەشکەنجەدانوو و ئازار کەی سەختی جەستی و دەرونی بەبێ جیاوازی رەگەزی و تەمەن ، دوو کەسی باری دەروونی تەواو نابوو بە ناوکانی ( حمەجوج ،مام فتاح) خەلکی سەرگولوو بوون

کە ئەشکەنجە و ئازار دروونی زۆریان داون ،لەم زیندانەدا ژیان و گوزارانی زیندانیان زۆر خراپ بوو لە رووی تەندروستیەوە دەیان نەخۆشی جۆراوەو جۆری تیدا بڵاوە بۆیەوە هەر لە سکچوون و رشانەوە و نەخۆشەکانی پێست وسیل و ووشکبوونەو.........و نەبوونی ئاوی خۆاردنەوە شیاوە و پاک کا رۆژان تەنا یەکە تەنکەر ئاو بۆ هەموو زیندانەکا دەهات ،نەبوونی خۆاردن بۆزیندانی کان کە کەسانکی زۆر لەبرسا مردن ( ٣٦).

یەکیک لە قوربانی کانی سەرمۆرد خاتوو (سەوزە حسن قادر)بوو کە نابینا بوو لەوێ کۆچی دوای دەکات، هەردوو خانەوادی (حمە زیاد و مام ئیسماعیل ) کە ژمارەیان (١٠)کەس بوون لەوێ بوون قوربانی .پیاوکانی گوندی سەرمۆرد لە هۆلیکدا لەگەڵ پیاوانی تلیان و فقی میرزا و شێخ بزێنی و قەڵا سیوکە و کەلار و کفری پێکەوە بوون ،لەم هۆڵ گارمدا تەنها شەش پانکی ئاسمانی تیدا بوو( ٣٧).

دوو هیزی تیدابوو پۆلیس و ئاسایش پۆلیسی لە رووی هەلسووکەوتەوە باشتر بوون لە هێزی ئاسایش هەرچی ئازار و ئەشکەنجە هەیە ئەنجامیان دەدا بە تابیەت دوو ئەفسەر هەبوو بەناوی (عەبد خالق و حەجاج ) ئازار و ئەشکەنجە زیندانیان دەکرد.

قوربانیان گوندی سەرمۆرد نیزیکی (٢٠٠) رۆژ مانەوە لە زیندان نوگرسەلمان پاشن بە لێبوردنی گشتی ئازادکران گەرانەوە بۆ زیندانی تۆپزاوە لە کەرکوک لەوێ دووبار ناو و ناونیشانیان تۆمار کرا ڕەوانی یاریگا ی شار ی سلێمانی کران پاشان دووبار تۆمار کران دانیشتوان بە پێی ناوچەکان جیاکرانەوە خەلکی گوندی سەرمۆرد و ناحیە ی سووررداش و قەزا ی دووکان جیاکرانەوە گەرێنرانەوە بۆ قەزا دووکان لەوێ ئازاد کران ( ٣٨).

دوای ئازاد کردنیان لە قەزای دووکان رێگا نادرا با چنەوە بۆ گوند ی سەرمۆرد حکومەتی عێراقی گوندکانی بە ناوچەی قەدەغکراوە دانرا ،ناچارکران بەچن ئۆردگای پیرمگروون کە لە سالی (١٩٨٨ز) حکومەتی عێراقی بۆ دانیشتوانە ی گوندکانی سنوری قەزای دووکان دورستی کرد بوو،حکومەتی عێراقی دانیشتوانی گوندکانی هەموو کۆکردەو لە ئۆردووگا دوور لە سەر خاک و ئاو و ژیانی ئاسایی خۆی کە هەموو وکو دەست بەسەر بوون و چاودێری دەکران لە گەڵ ئازار دانێکی دەروونی لە ئۆردووگاکە.

## پرۆسەی ئازادی عێراق

**لە دوای روخاندنی رژێمی بەعسی لە عێراق لە ( ٢٠٠٣/٤/٩ز ) .ئە نجامدانی هەڵبژاردن بۆ ئە نجوومەنی نوینەرانی عێراق دوورست بوونی ئەو ئە نجوومەن بە بریاری ژمارە( ١٠ ساڵی ٢٠٠٥ ) لە بەرواری( ٩ /٢٠٠٥/١٠ز) دادگای باڵای تاوانکانی عێراق پێکەهێنرا بۆ دادگای کردنی سەرانی رژێمی پێشوو بەعسە لە رۆژی دەست بە کاربوونیان لە عێراق لە بەرواری( ١٩٦٨/٧/١٧ -٢٠٠٣/٥/١ ز,دادگای باڵای تاوانکانی عێراق دەست بەکاربوولە بەرواری ( ٢٠٠٦/٨/٢١ ز) بۆ دادگای کردنی سەرانی رژێمی بەعس بە خودەی سەدام حسن و هاورێکانی لە پاش ( ٦١ ) شەست و یەك دانیشتن دادگا پرۆسی ئەنفال بە تاوانی جینۆسایدناساندەلە بەرواری ( ٢٠٠٧/٦/٢٤ز )بە بریاری ژمارە ( ١ دوومی ج/٢٠٠٦ ). لەدوای ئەویش ئە نجوومەنی نوینەرانی عێراق بە بریاری ژمارە( ٢٦ ساڵی ٢٠٠٨ )لە بەرواری ( ٢٠٠٨/٩/١٠ز) پرۆسی ئەنفال بە جینۆساید ناساند ( ٣٩ ).**

یەکیک لەو شایەحاڵان بەشداربوو لە دادگا ی باڵای تاوانکانی عێراق خاتوو (خونچە کریم )بوو دانیشتوو گوندی سەرمۆرد بوو کە باسی بەسەر هاتی خۆی و کەسوکاری کرد کە لە گوندی سەرمۆرد لە پرۆسەی ئەنفالدا چیان بە سەر هاتوو بەرامبەر بە دادوران و تاوانباران و خودی (سەدام حوسێن ) لە دادگا ( ٤٠ ).

گوندی سەرمۆرد کە (٣٨) کاسیان لەو پرۆسەدا زیندانی کران ( ١٨ ) کەسیان بوون قوربانی شەهیدبوون ، تا ئەمڕۆ قەرەبوو مادەی و دەروونی وکو پویست ناکرانتەوە وا خزمت گوزارپیویست ناکراو لەم گوندا وکو پرۆژی ڕێگا وبان وئاو و کارەبا و تەندروستی وخوێندنگاو.......... کە مافێکی یاسایی و سروشتی خۆیان .

## پێنچەم / خشتە و ئامارەی قوربانییانی گوندەی سەرمۆرد:

**خشتەی ژمارە (١) دابەشبوونی (رەگەز)بە پیی ڕێژەی سەدی بۆ تاوانەکە**

| ژ | ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | نێر | ١٨ | ٪٤٨ |
| ٢ | مێ | ٢٠ | ٪٥٢ |
| کۆ | | ٣٨ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٢)دابەشبوونی شوینی نیشتەجێبوونی قوربانییان لە پێش جینۆسایدەکەدا.**

| گوندنیسین | شارنیشین | نەزانراو | کۆ |
|---|---|---|---|
| ٣٨ | ٠٠٠٠٠ | ٠٠٠٠٠ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٣)دابەشبوونی شوینی نیشتەجێبوونی قوربانییان لە دوای جینۆسایدەکەدا.**

| گوندنیسین | شارنیشین | نەزانراو | کۆ |
|---|---|---|---|
| ٠٠٠٠٠٠ | ٣٨ | ٠٠٠٠٠٠ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٤)دابەشبوونی لە رووی کۆمەڵایەتیەوە لە کاتی رووداوکە .**

| بێوەژن | کور | خێزاندار | بێوەپیاو | کچ | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | ٨ | ١١ | ٩ | ٧ | ٣٨ |

**خشتەی ژمارە (٥) چارەنووسی قوربانییان لە دوا ئازاد کردنیان**

| کۆی گ | نەگەراوە | گەراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ٣٨ | ١٨ | ٢٠ | |

**خشتەی ژمارە (٦) چارەنووسی قوربانییان لە ئیستا دا لە ساڵی٢٠٢١ ٠**

| کۆی گشتی | مردوو | زیندوو | تیبینی |
|---|---|---|---|
| ٢٠ | ١١ | ٩ | |

**خشتەی ژمارە (٧)دابەشبوونی شوینی زیندانی کردنی قوربانییان لە پرۆسەی جینۆسایدەکەدا.**

| ژ | ناو و شوێنی زیندانی | پارێزگا |
|---|---|---|
| ١ | گوندی سەرمۆرد | سلێمانی |
| ٢ | بنکەی پۆلیسی دووکان | سلێمانی |
| ٣ | قەڵای سوسێ | سلێمانی |

| | | |
|---|---|---|
| ٤ | تەواری سلێمانی | سلێمانی |
| ٥ | تۆپزاوا | کەرکوک |
| ٦ | نوگرسلمان | سەماوا |
| ٧ | تۆپزاوا | کەرکوک |
| ٨ | یاریگای سلێمانی | سلێمانی |
| ٩ | بنکەی پۆلیسی دووکان | سلێمانی |

**خشتەی ژمارە (٨) ناو و تەمەنی و قوربانی قوربانییان لە پرۆسەی جینۆسایدەکەدا.**

| ژ | ناو سیانی دەستگیر کراو | رەگەز | تەمەن |
|---|---|---|---|
| ١ | صلاح محمود عبدالرحمن | نێر | ١٩٧٨ |
| ٢ | قادر صدیق عسمان | نێر | ١٩٧٧ |
| ٣ | محمد صابیر قادر | نێر | ١٩٥٤ |
| ٤ | مریم محمد امین احمد | مێ | ١٩٥٧ |
| ٥ | رجیب محمد صابر قادر | نێر | ١٩٧٧ |
| ٦ | هێمن محمد صابیر | نێر | ١٩٨٢ |
| ٧ | شهاب محمد صابیر | نێر | ١٩٨٧ |
| ٨ | سلام محمود عبدالرحمن | نێر | ١٩٧٥ |
| ٩ | خونچە کریم حسن | مێ | ١٩٤١ |
| ١٠ | سەوز حسن قادر | مێ | ١٩١٦ |
| ١١ | فاقی ئیسماعیل | نێر | ١٩٢٠ |
| ١٢ | فاتمە مجید امین | مێ | ١٩٣٢ |
| ١٣ | اسماعیل فەقی اسماعیل | نێر | ١٩٢٠ |
| ١٤ | گولە حمە اسماعیل | مێ | ١٩٦٩ |
| ١٥ | غەزیم اسماعیل فەقی | مێ | ١٩٨٥ |
| ١٦ | غەزال اسماعیل فەقی | مێ | ١٩٨٦ |
| ١٧ | خەیال اسماعیل فەقی | مێ | ١٩٨٧ |
| ١٨ | عاصمە عبدالرحمن حسن | مێ | ١٩٢٧ |
| ١٩ | گوڵاوی عسمان عەلی | نێر | ١٩٤٢ |
| ٢٠ | سیروان گوڵاوی عسمان | نێر | ١٩٧٧ |
| ٢١ | بەختیار گوڵاوی عسمان | نێر | ١٩٨١ |
| ٢٢ | حەلیمە وەسمان عبدالرحمن | مێ | ١٩٠٩ |
| ٢٣ | پیروز محمد اسماعیل | مێ | ١٩٤٢ |
| ٢٤ | سەمیرە لطیف احمد | مێ | ١٩٧٨ |
| ٢٥ | شەنگە لطیف احمد | مێ | ١٩٧٢ |
| ٢٦ | کچکەل خضر محمد | نێر | ١٩٠٢ |
| ٢٧ | عبداللە حسن قادر | نێر | ١٩١٠ |
| ٢٨ | پیروز حسن قادر | مێ | ١٩١٦ |
| ٢٩ | فارس مجید قادر | نێر | ١٩٣٤ |
| ٣٠ | خدیجە محمود رشید | مێ | ١٩٥٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣١ | بێخال فارس مجيد | مێ | ١٩٧٩ |
| ٣٢ | صبريه فارس مجيد | مێ | ١٩٨١ |
| ٣٣ | نێگەرد فارس مجيد | مێ | ١٩٨٣ |
| ٣٤ | سورمه فارس مجيد | مێ | ١٩٨٥ |
| ٣٥ | محمود عبدالرحمن حسن | نێر | ١٩٤٣ |
| ٣٦ | رشيد نجم اسماعيل | نێر | ١٨٩٧ |
| ٣٧ | پيرۆز احمد اسماعيل | مێ | ١٩٢٥ |
| ٣٨ | ولی رشيد نجم | نێر | ١٩٧٢ |

## كۆتايی و دەرئەنجام :

١-ئەم توێژینەوە یە دەمانگەیەنتە ئەو ئەنجامەی کە تاوانەی ئەنفال ئامادەکاری و پلان بۆ دارێژراوا پێشواختی بۆ تەواوی بۆ کراوە.

٢- گوندی سەرمۆرد لە قۆناغی یەکەی ئەنفالدا وێران دەکریت دانیستوانەکەی نا چاردەکریت کۆچ بکەن خاک و ئاوی و ماڵە و ئاژاڵەکانیان جێبهێڵن ئەویشی مایەوە داست بەسەربکریت بەرو زیندا کان بەرێبکرێت و لە یەکجێابکرەنەوە لە رووی رەگەزیەو نێر و مێ و منداڵا پاشن ئەشکەنجە ی جەستی و دەرونی وبەشکیان بوون قوربانی .

٣-ئەم تاوانەی گوندی سەرمۆرد یەکیک لە نموونەی ئەو (٤٧٣٢) گوندی کوردستان کە بە هەمان شێواز جێ بەجێکراوە ئەمیش تاوانەکەی نیودەڵەتی جینۆساید بە پێ پێوەرکانی ریکەوتنی یاسایی قەدەغی تاوانەی جینۆساید لە ساڵی (١٩٤٨) کە ئەویش بەپێ جیاکردنەوە رەگەزی و ئەشکەنجە و ئازار جەستی و دەروونی دانانیان لە باردۆخەکی سەختدا و بوون بە قوربانی بەشکیان ،ئەمیش بەپێ پیناسی تاوانەی جینۆساید لە یاساکدا هاتوو ئەژمار دەکریت بە تاوانەی جینۆساید .

# Abstract

Through the history of establishing Iraq as a country, Kurds are considered as an inferior nation and have sacrificed, suffered, and faced various forms of racism by the former Iraqi authority. Once again Kurdish people have been oppressed by the surrounding and neighboring countries such as Turkey, Iran, Iraq, and Syria. I want to shed light on Southern Kurdistan which is located in the north of Iraq. One of the huge ethnic cleansings in Kurdistan is Anfal, which was experienced by the former Ba'ath regime and the Iraqi government in the previous century during the years (1987-1988) against the Kurds. Hence, at this point, many researches, documents, and data are needed to determine and demonstrate these cases that are related to the massive murder against Kurds. Sarmwd Village was the first place in the 1$^{st}$ wave of Anfal, the village is located in the valley of Jafayate in the area of Sordash in the district of Dukan. As a matter of fact, during the process of Anfal, about thirty-eight villagers were prisoned. Besides that, town, about other 4732 villages in Kurdistan went through the process of Anfal and all the residents were taken to prisons and these were part of the 182000 victims of Anfal campaign.

*Keywords*: Anfal, Genocide, Sarmwd.

# سەرچاوەو پەراوێزەکان :


١-قوئانی پیرۆزە

٢- C. Habib, ph. d and A. Aoudi ( MH ): Adictionary of Diplomatic terminology and International relations, Modern Institution of the Book, Tripoli- Lebanon, 2005,p 11.

٣- C. Habib, ph. d and A. Aoudi ( MH ): Adictionary of Diplomatic terminology and International relations, Modern Institution of the Book, Tripoli- Lebanon, 2005,p 15.

٤- jon cooper,Raphael lemkin and th struggle for the genocide convention, first published,2008,palgrave macmillan, p (6)

٥- مەهین دۆختی مەحاسێب: کۆمەڵکوژی "ژینۆساید"، و.کامبیز ئیبراهیم زادە، چاپی یەکەم ، ٢٠١٢ ، چاپخانەی منارە، هەولێر. (١٣).

٦- فەرمان عەبدولڕەحمان: پاکتاوکردنی رەگەزی کورد لە کوردستانی عێراقدا: چاپی یەکەم، ٢٠٠٦ ، لە بڵاوکروەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی(٢٢).

٧-سودان وەرگێرانی زاهیر مەلا جەبار گراوەو ،تێگەیشتن لە دادگای نێودەوڵەتی تاوان دادگا نێودەوڵەتێ تاوان ، چاپخانەی رۆکسان ،٢٠١٣،لا٦٦

٨- ئاوار حەسێن،جینۆساید ی کورد لە روانگە ی یاسای تاوانکاری نێودەڵەتیەوە ،چاپ یەکەم ، چاپخانەی حەمدی، ساڵی ٢٠١٧ ،ل ١٣

٩-د. سالار باسیرە، جینۆساید لە یاساکانی ریکخراوی ناتاوا یەکگرتووکان.چاپخانی پیرەمێرد،بلاوەکراوە کانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.٢٠١٤،ل٢٣

١٠-د.عومەر عەلی ، ئەنفالی قورئان و ئەنفالی صەدام، چاپخانی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٥،ل ١٨.

١١- الراغب الّصفهانی: المفردات فی غریب القرئن: الگبعه السادسه، ٢٠١٠ ، دار المعرفه للباعه والنشر والتوزیع، بیروت، لبنان.ص٢١٣ .

١٢-د.هونەر امین حسن ،پاڵنەر کانی دەستپێکی تاوانی ئەنفال چەمی زەنگە بە نموونە،گوڤاری زانکویا دهوک،ژمار (١) زانستین مروڤایەتی و کومەلناسی،سەنتەری جینۆساید ،٢٠٢١ ل ٧٧

١٣-ئەحمەد کاک محمود تەفسیری رامان لە ماناو مەبەستی قورئان، چاپی دووەم ،چاپخانی دار الفکر ، بەیروت، لوبنان ٢٠٠٩، ل٣٩٢ .

١٤-هیوا حوسین ئەمەن، تاوانی ئەنفال و کاریگەری ئابوارییەکانی لە سور کوردستان،چاپ یەکەم ،چاپخانی کارۆ.،٢٠٢١ ل ١٣٠ .

١٥-محەمەد حەمە سالح توفیق ،وەرگیرانی ،میدل ئیست ووچ،جینۆساید لە عیراق،پالاماری ئەنفال بۆ سار کورد ،چاپخانی تیشک، سلیمانی،٢٠٠٤،ل٤٧.

١٦- د.عومەر عەلی ، ئەنفالی قورئان و ئەنفالی صەدام، چاپخانی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٥،ل٣٤ .

١٧-تەها سلمان ، تێگەیشتن لە ئەنفال وەک جینۆساید کورد، دەزگا رۆشنبیری و بلاوکرادنەودی جەمال حەرفان چاپخانی پیرمیرد، سلیمانی،٢٠١٣،ل٥٦

١٨- نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لەناو بازنەدا: چاپی دووەم، ١٩٩٩ ، ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاك، سلێمانی.

١٩- میدڵ ئیست ووچ: جینۆساید لە عێراق.. پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی لە ئنگلیزییەوە: محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤ ، وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.

٢٠-. هێرش مەغدید ئەحمەد و رزگار ئەنوەر خزر لە گۆڤاری جینۆسایدا، لە بابەتێکدا بەناونیشانی (شاڵاوی ئەنفال لە کوردستان.. ساڵی ١٩٨٨ ) نووسیویانە ٢٠١٧،سلیمانی ل٧٨:

٢١-سابیر کۆکەی ،ناڵەی پیشمەرگە یەکە بۆ میژەە، بەشی یەکەم ٢٠٠١،ل ٢٨٠ .

٢٢-شۆرش حاجیرسول، ئەنفالی کورد و دەولەتی عێراق، چاپی دووەم ،٢٠٠٣، ل ٧٣-٧٤ .

٢٣--عومەر محەمەد: پەلامارە سەربازییەکانی ئەنفال لە هەشت قۆناغدا: چاپی یەکەم، ٢٠١٣ ، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان و ئەنفالکراوان- سلێمانی.

٢٤- عەبداڵلا کەریم مەحمود ،رەشەبا ی ژەهرو ئەنفال بەرگی دوو ، چاپی دوو ساڵی٢٠٠٩ ل ١٣٤.

٢٥- جاسم محەمەد محەمەد عەلی ، رۆڵی هۆکارە سیاسیە کان لە دابەشبوونی دانەشتونی پارێزگای سلێمانیدا،چاپی یەکەم ،چاپخانی تیشک ساڵی ٢٠٠٨ لاپەر٧٦.

٢٦- چاوپێکەوتنی توێژەران لە گەڵ سلام فەقی اسماعیل ،١٩٥٩،، گوندەی سەرمۆرد ،١٩٦٠، چاوپێکەوتن ١٥-١٠-٢٠٢٠ .

٢٧- د.عەبداڵلا غەفوور،گوندەکانی کوردستان ،لەسەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا-١٩٥٧بەرگی یەکەم چاپی دووەم دەزگا ە چاپ ئاراس هەولیر٢٠٠٥ لاپەر١٣٢ .

٢٨- د.عەبداڵلا غەفوور،گوندەکانی کوردستان ،لەسەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا-١٩٧٧بەرگی دووەم چاپی دووەم، دەزگا ە چاپ ئاراس ،هەولیر٢٠٠٥ لاپەر٢٠٧

٢٩- چاوپێکەوتنی توێژەران لە گەڵ صلاح محمود عبدالرحمن ،١٩٧٨،،سەرمۆرد ،١٩٧٨، چاوپێکەوتن ٦-٥-٢٠٢١

٣٠- چاوپێکەوتنی توێژەران لە گەڵ صلاح محمود عبدالرحمن ،١٩٧٨،،سەرمۆرد ،١٩٧٨، چاوپێکەوتن ٦-٥-٢٠٢١

٣١- چاوپێکەوتنی توێژەران لە گەڵ قادرصدیق عسمان ،١٩٧٧ ، ،سەرمۆرد ،١٩٧٧، چاوپێکەوتن ٣-٩-٢٠٢٠ .

٣٢- چاوپێکەوتنی توێژەران لە گەڵ زێرین فارس ،١٩٧٨ ، ،پیرمگروون ،١٩٧٧، چاوپێکەوتن ٨-٩-٢٠٢٠ .

٣٣- چاوپێکەوتنی توێژەران لە گەڵ قادرصدیق عسمان ،١٩٧٧ ، ،سەرمۆرد ،١٩٧٧، چاوپێکەوتن ٣-٩-٢٠٢٠ .

٣٤- چاوپێکەوتنی توێژەران لە گەڵ صلاح محمود عبدالرحمن ،١٩٧٨،،سەرمۆرد ،١٩٧٨، چاوپێکەوتن ٦-٥-٢٠٢١

٣٥- سالار محمود،نوگرە سەلمان مەترسیدار ترین زیندان، puk media ،١٨-٢-٢٠١٨ .

٣٦- ، چاوپێکەوتنی توێژەران لە گەڵ سیروان گولاوی ،١٩٧٧،،سەرمۆرد ،١٩٧٨، چاوپێکەوتن ٦-٥-٢٠٢١

٣٧- چاوپێکەوتنی توێژەران لە گەڵ صلاح محمود عبدالرحمن ،١٩٧٨،،سەرمۆرد ،١٩٧٨، چاوپێکەوتن ٦-٥-٢٠٢١.

٣٨- چاوپێکەوتنی توێژەران لە گەڵ قادرصدیق عسمان ،١٩٧٧ ، ،سەرمۆرد ،١٩٧٧، چاوپێکەوتن ٣-٩-٢٠٢٠

٣٩-هەژار هوشیار مهدی،تویژەینەوە ژینۆساید گەورەترەن تاوان دژ بە مرۆڤایەتی ئەنفالی ساڵ١٩٨٧-١٩٨٨ گوڤاری ئانفالناسی بۆ ژینۆساید و ئەنفال ، ژمارە (٣) ساڵی )٢٠١٩) . سلیمانی .

٤٠- چاوپێکەوتنی توێژەران لە گەڵ خونجە کریم حسن ،پیرمگروون ،١٩٤١، چاوپێکەوتن ٢-٤-٢٠٢١ .

***توێژەر: هەژار هوشیار مهدی**

**زانکۆی چەرموو سەنتەری توێژینەوە بۆ تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید**

**ماستەر لە یاسایی گشتی ،تاوان و سزا ،چۆنیەتی قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی جینۆساید ٢٠١٩.**

**نووسین :یەکە پەرتووک ئەنفالی ناوچەی شێخان ،سێ توێژینەوەی لە بواری ئەنفالدا،نووسین چەند بابەت لە گۆڤار و رۆژنامە و سایت لەسەر ئەنفال و جینۆساید.**

**المستشار التحكم الدولی ٢٠١٥.**

**سف**یر سلام فی حقوق الانسان

---

توێژەر : زرار عەلی قادر

زانکۆ چەرموو سەنتەر توێژینەوە بۆ تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید

بکالورس لە مێژوو .

خاوەنی ١٢ پەرتوکی چاپکراو بە نووسەن و وەرگیرانە.